# ئاهەنگی ناساندنی جەلال بەرزنجی شاعیر,
# وەك(یەكەمین نووسەری تاراوگە)لە كەنەدا بەرێوە چوو

سەباحەت تاهیر

كەنەدا



ئێوارەی رۆژی 2007/6/6 لە شاری ئیدمنتۆنی پایتەختی كەلتووری كەنەدای ساڵی 2007-2008 بە ئامادەبوونی ژمارەیەكی زۆری كوردی كەنەدی ونووسەرو روناكبیرانی كەنەدا ئاهەنگی بەرەسمی ناساندنی جەلال بەرزنجی وەك (یەكەمین نووسەری تاراوگە) لەهۆڵی باڵەخانەی شارەوانی شاری ئدمنتۆن لە كەنەدا ساز كرا, ئاهەنگەكە بە وتاری سەرۆكی شارەوانی (ئدمنتۆن)(ستیڤن ماندیل) دەستی پێ كرد كە تیایدا باسی گرنگی ئەم رووداوەی كردوو ,پیرۆزبای لە جەلال بەرزنجی كرد. دوای ئەویش سەرۆكی نووسەرانی كەنەدا و مێردی(گۆڤەرنێر جەنەراڵ )ی كەنەدا دەورەی پێشوو (جۆن رۆلسن سو) وتارێكی خوێندەو خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ئەم ناساندنە پیشان داو. دوای ئەویش (ئیسابێل هیری) سەرۆكی كۆمەڵەی نووسەرانی جیهانی وتارێكی خوێندەوەو پیرۆزبای لە جەلال كرد. دوایش رۆژنامە نووس ونووسەری ناوداری كەنەدی (لیندا گۆیەت)جەلال بەرزنجی پێشكەش بە ئامەدەبووان كردوو ,دوایش بەرزنجی وتارێك و شیعری(ماڵێك لەناوجانتا)ی بە زمانی ئینگلیزی خوێندەوە,

ئەم ناساندنە لە میدیاكانی كەنەدا گرنگییێكی بەر چاوی پێدرابوو( رادوێ و تەلەفزیۆنی س ت ڤ)( رۆژنامەی ئیدنتۆن جۆرناڵ) و( رۆژنامەی ئیگزامینەر) و( رۆژنامەی ڤیو) و( تەلەفزیۆنی (س ب س هەواڵەكانی دنیا( لۆكەڵ وناشنەڵ)( سایتی زانكۆی ئەلبێرتا) (رۆژنامەی 24 سەعات) رادیۆی س ب .س ناشناڵ(ئیدمنتۆن سەن) چاوپێكەوتنیان لە گەڵ جەلال بەرزنجی كردوو گرنگی زۆریان بەم بۆنەوە و ناساندنە دابوو ,هەندێك لە رۆژنامەكان هەواڵەكەیان لە لاپەڕی یەكەم بلاوكردبووەوە , جەلال بەرزنجی شاعیر 9 ساڵە دانیشتوی تاراوگەیە لە كەنەدا لە مانگی 3 -2007 ئەم خەلآتەی پێدرا جگە لە (پایە)وتایتڵەكەی وەك (یەكەمین نووسەری تاراوگە) بەهای خەلآتەكەش 30000 دۆلار بوو .